بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان هەواڵی دەستگیرکردنی ڕەتدەکاتەوە

دوای بڵاوبونەوەی هەواڵی دەستیگرکردنی بەرزان کەریم، بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان، ناوبراو هەواڵەکە ڕەتدەکاتەوە.

ئەمڕۆ چوارشەممە، لە ژمارەیەک میدیا و پێگەی سۆسیال میدیا هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە کە بەرزان کەریم، بەڕێوبەری گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان، دەستگیرکراوە.

بەرزان کەریم، بەڕێوبەری گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان لە ڕونکردنەوەیەکدا کە لە هەژماری خۆی لە فەیسبوک بڵاویکردوەتەوە، ڕەتیکردەوە دەستگیرکرابێت وەك ئەوەی بڵاوکراوەتەوە.

بەگوێرەی زانیارییەکان بەڕێوبەری گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان، دوێنێ سێشەممە لەلایەن دادوەری دادگای کێتنی کۆلار فەرمانی دەستگیرکردن بە خۆی و کەفیلەکەی دەرچوە بەمەبەستی ئامادەکردنی لە ڕۆژی 21ی مانگ لەپێش دادوەر.

هەر بەگوێرەی زانیارییەکان ئەم چوارشەممە ناوبراو چوێتە بەردەم دادوەر و بە کەفالەت تا ڕۆژی دادگاییکردن ئازادکراوە.

ئەو دەسیەی بەوبەری گشتی شارەوانییەکانی گەرمیانی پێ داواکراوە، پێیوەندییدارە بە سکاڵای پارێزەرەکەو و دادوەر بەپێی مادەی 330 لە یاسای سزادانی عێراقی دادبینی تێدا دەکات.